سودانی: فەرمانی پابەندبوون بە پلانی کشتوکاڵی و لێپێچینەوە لەسەرپێچییەکانی سەر سەرچاوە ئاوییەکان دەکات



سەرۆک وەزیران محەمەد شیاع سودانی، ئەمڕۆ پێنجشەممە فەرمانی پابەندبوون بە پلانی کشتوکاڵی و لێپێچینەوە لەسەرپێچییەکانی سەر سەرچاوە ئاوییەکان کرد.

نووسینگەی هاگیاندنی سەرۆک وەزیران لە هاگیێندراوەکدا کەدستی ئاژانسی موتەبع کوتووە، ئاماژەی بۆ کردووە: "محەمەد شیاع سودانی سەرۆک وەزیران، سەرکایەتی کۆبوونەوەیەکی لیژنەی باڵای نیشتمانیی بۆ ئاو کرد، بە ئامادەبوونی وەزیرانی سەرچاوە ئاوییەکان، وەزیری کشتوکاڵ بۆکالەت، وەزیری ژینگە، ئەمینداری گشتیی ئینجومەنی وەزیران و ژمارێک لە هاوڕکاران و ئەندامانی لیژنەکە."

بەپێی هاگیێندراوەکە: کۆبوونەوەکە باسی لەو بابەتانە کرد کە لە کارنامەکەدا بوون و بڕیار و هاسپاردەی پەیوستیان دەربارە درا. هەروەها پێداچوونەوە بە دۆخی ئاو و وشکەساڵی و کەمیی داهاتی ئاو بۆ ساڵی ٢٠٢٥-٢٠٢٦ کرا. سەرۆک وەزیران جەختی کردەوە لەسەر گرنگی ماملەکردن لەگەڵ بابەتی سەرپێچییەکان بەپێی چوارچێوە یاسایییە بەردەوامەکان، و فەرمانی بە بەردەوامبوونی پرسی

قەدەغەکردن و لێپێچینەوەی هەموو جۆرە سەرپێچییەک کرد، و ئەم کارە تەنها کورت نەبێتەوە بە کاتی کەمیی ئاو.

هەروەها فەرمانی کرد بە پابەندبوون بە پلانی کشتوکاڵی و فراوان نەکردنی بە جۆرێک کە کاریگەری بکاتە سەر سەرچاوە ئاوییەکان، بەتایبەت لە وەرزی هاویندا. جگە لە پابەندکردنی ئەمینداریەتی بەغدا و فەرمانگە شارەوانییەکانی پارێزگای بەغدا بە دیاریکردنی کاتێکی دیاریکراو بۆ چارەسەرکردنی ١١ شوێنی پیسبوونی ژینگەیی لەسەر ڕووباری دیجلە.

کەبوونەوەکە پشتیاری کرد کە وەزارەتی دارایی بودجەی پێویست بۆ دەسپێشخەری دیالێگی ژینگە و کێشوهەوا بە بەدیهێنانی گۆشەپەدانی هەرەمی تەرخان بکات، بەپێی ئەوەی لە نووسراوی وەزارەتی دەرەوەدا هاتووە.

لە درێژەی ڕاگەیەندراوەکەدا هاتووە کە کەبوونەوەکە تاوتوێی بابەتەکانی تری کرد و ئەم بڕیارانەی خوارەوەی دا:

١- وەزارەتی ئاودانکردنەوە و نیشتەجێبوون و ئەمینداریەتی بەغدا، ڕۆشوێنی دیاریکراو بگرنەبەر بۆ کەمکردنەوەی بڕکارەهێنانی ئاو، لێوانێ بەستنی پێوەری ماڵان، چاککردنەوە و نوێکردنەوەی تۆڕەکانی دابەشکردنی ئاو، کارکردن بۆ هۆشیاری میدیایی دەربارەی بڕکارەهێنانی دروستی ئاو و کەمکردنەوەی بڕفیۆدان، و پێداچوونەوە بە نرخ و ڕێکخستنی پاڵپشتی دارایی.

٢- ڕێزامەندی لەسەر ڕێشنووسی هەموارکردنی ڕێنمایەکانی بڕکارەهێنانی کێنارەوکان و ڕاسپاردنی لایەنە پەیوەندیدارەکان بۆ پەسەندکردنی.

٣- ڕاسپاردنی ئەنجومەنی وەزیران بۆ ڕێزامەندی دەربڕین لەسەر ڕێنمایەکانی تایبەت بۆ لێدانی بیرە ئاوییەکان.

٤- پەسەندکردنی ڕاسپاردەکانی چوارەمین کەبوونەوەی تیمی نیشتمانیی دانوستانکار سەبارەت بۆ ئاوە هەرەمییە هاوبەشەکان لەگەڵ وڵاتانی دراوسێ.

٥- لادانی دوورگەکان لە ناو حەوزی ڕووبارەکە لە نزیک بەنداوی سامەڕا، و تەرخانکردنی هێزێکی ئەمنی

لەلایەن وەزارەتی ناوخۆ بە پاراستنی ئەو شوێنانە